# وەڵام و هەڵوێستی دەنگەکان بە هێرشیکی ناڕەوا

**1-لەسەر بڵاو کردنەوەی کەمپێنێکی سایتی (حوار متمدن)هەندێ نووسەر هێرشێکی ناڕەوایان کردۆتە سەر سایتی دەنگەکان ،بۆ وەڵام دانەوەی ئەم هێرشە پڕ لە درۆ دەلەسەیە،بە پێوستی دەزانین ئەم روون کردنەوەیە بدەین لەسەر ئەم بابەتەی بە ئاوەژوو وروژاوە.**

**2-ئێمە بەشێک نین لەو کەمپینەی سایتی (حوار متمدن). نە ئیمزای دەنگەکانی پێوەیە،نە ئیمزای ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەر،لەبەر ئەوەی هەروەکو راستەوخۆ بە کاک (رزگار ئاکرەیی)مان ڕاگەیاند کە ئێمە بڕوامان بەم کەمپینە نیە.لە ئەپریلی 12 2007 ئاگاداری ئەم کەمپینەیان بۆ ئێمە ناردو بڵاومان نەکردەوە ، ئێمە لە دوای 8 رۆژ لە سەردووبارەکردنەوەی داوکاریەکەیان تەنیا وەکو ( بۆچوونێکی جیاواز لە بیرکردنەوەی خۆمان ) بە دانانی تێبینی (ئەم هەڵمەتە دەربڕی هەڵوێستی دەنگەکان نیە)لە ئەپریلی 20 وە بۆ ماوەی 24 سەعات بڵاومان کردەوە .**

**3- هەڵوێستی ئێمە لە سەر کەرکوک ئەوەیە ، کەرکوک شارێکی کوردستانە ،لایەنگرین بۆ هەر رێگایەکی سیاسی و دیبلۆماسی و ئاشتیخوازی کە ئەم مافە جێگیر بکاتەوە.**

**4- ئێمە دەزانین هۆیەکانی ئەم هەڵمەتە گەرم و گوورەو پڕ لە درۆ وڕشانەوەی ئەو نوسەرانەو ئەو سایتەی نووسینەکانی بۆیان بڵاو کرۆتەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ، دەزانین لە کوێوە کپ کردنی دەنگی سەربەخۆ لە هەولێرەوە دەگا بە کەنەداو بە هەندەران و کێ دڵسۆزی ئەم پۆستە ناشەریفەیە ،ئێمەدڵنیایان دەکەینەوە چۆن لە دونیای نووسین و بەهرەو حەقیقەت ووتن کورتیان هێناو خانەنشین کران لە ڕاستگۆیی ، ئاواش لەم مەئموریەتەیان تەنیا سوک بونیان بۆ دەمێنێتەوە.**

**دەستەی بەرێوەبەری سایتی دەنگەکان**
07/04/21